Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association
Artemisg 19, NB
115 42 Stockholm SWEDE

Fax / Tel: +468 6610880
kmfsverige@gmail.com

---

## چالاکانی مافەکانی مرۆڤ وڕوناکبیرانی کورد لە مەترسی تیرور و ڕفاندن دان

بێگومان ماوەیەکی دور و درێژە خەباتکارانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسانی ئەم بەشە لە وەڵاتەکەمان کەتونەتە بەر هێرشی دام و دەزگا جۆرا و جۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و حەپس دەکرێن، کار و چالاکی و نوسینیان لێ بەربەست دەکرێ و دەیان بیانویان پێ ئەگیردرێت، تەنیا بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەن. یەکێك لەو کەسانەی کە چەند ساڵێکە بەردەوام لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە ئازار ئەدرێ و حوکمی جیاوازی بە سەر دا دەدری، خەباتکاری مافی مرۆڤ و سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەرێز محەمەد سەدیق کەبودوەندە کە لە دادگای بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێستا چاوەڕوانی حوکم دەکات و هاوکات خەبات بۆ مافی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام بەداخەوە ئێستا گۆشەی بەندیخانە ئارامترە بۆیان و بەردەوام کەسانێك بە دوایانەوەن بە بێ ئەوە پێناسەی خۆیان ئاشکرا بکەن.

هەروەها دوو چالاکڤانی دیکەی ڕۆژنامەگەری و خوێندکاری بە ناوەکانی ئەجلال قەوامی و ئاسۆ ساڵح چەند جارێک کەوتونەتە بەر هێرشی کەسانێکی نەناسراو و سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد- ئەوروپا پەرۆشی گیان و مانی ئەم بەڕیزانەیە و داواکارین لە کوردانی ئازاد و ئازادیخواز و هەمو رێخراوە مەدەنی و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەمان کە بۆ پاراستنی گیانی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕوناکبیری لە کوردستان هەڵوێست بگرن و دەنگ هەڵبڕن و بە هاواری کۆمەڵەکەمانەوە بێن تاوەکونی هەمومان پێکەوە دەنگی ئەو کەسانە بین و مافەکانیان بپارێزین و کۆمەڵگای ناونەتەوەیی لە ڕاستیەکان ئاگادار بکەین.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کۆرد- ئەوروپا، داواکارە لە کوردەکانی دانیشتوی ئەوروپا، ئامریکا، کانادا و ئوسترالیا کە بە ناردنی نامە بۆ کۆمیسیونەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، پارلەمانی ئەو وەڵاتانەی تیاندا ئەژین، داوای پاراستنی گیانی کاك محەمەد سدێق کەبودوەند، ئەجلال قەوامی، ئاسۆ ساڵح و هەموو خەباتکارانی کۆمەلایەتی، ڕوناکبیری و بۆارەکانی مافی مرۆڤ بکەن.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد-ئەوروپا 2007-1-24

---